
ویژه نامه ـ ماهنامه مهاباد
ڕێبەندان و ڕەشەمەی ١٣٨٤ی هەتاوی(١١و١٢)

## وتەی ئاڵەکۆک



منالان، ئەی ئەوانەی گەورەکان لە جیاتی ئێوە بیردەکەنەوە و هەڵوێست دەگرن. پێتان سەیر نەبێ، ئەگەر بڵێم ئەوانەی گروگیفیان دەکرد کە ئێمە دڵسۆزی ئەدەبی منالانین و منالی کورد بێ بەش لە هەموو شتێکە، ئەی کوا؟ تەنانەت تەنیا گۆڤارێکتان بێ ڕەوا نابینن؟ هە وڵ نادەن تا بەستێنێکتان بۆ پێک بێنن تا خۆتان بدۆزنەوە و هە ست بە بوونی خۆتان و نەتەوەکەتان بکەن.

ئاڵەکۆک لە سەرەتای دامەزراندنی زۆر قەول و بەڵێنی پێدرا. زۆر کەس هۆبالیان بۆ دەکێشا و تەنانەت خۆشحال و دڵخۆش بوون کە گۆیا کاری وا نەکراوە و ئە وە ئە ڕکێکی پیرۆزە، بەڵام کە کار دەگاتە کردەوە تاکە خێرخوایەک نادۆزیەوە. هۆبالی بۆ بکێشی و سوێندی بەسەری بخۆی. وەک تووکی بەربای لێ دێ. دروشم دەدەن و تەنیا بە قسە هۆگری ئەدەبی منالانن. ئاڵەکۆک بەو هەموو کەم و کوریەی خۆی توانی ۱۲ ژمارە چاپ بکا. بۆ بەردەوام بوونی گۆڤار دەتوانن لە ئاڵەکۆک دا ببن بە ئابوونمان یا تەبلیغاتمان بۆ بنێرن.

*۱ـ ژمارە ۱۳ تا ۲۴ (۵۰۰۰ هەزار تمەن)*

*۲ـ تبلیغات روجلد (۵۰۰۰ هەزار تمەن) ـ وێنەی منالە جوانەکانی کوردستان*

*۳ـ پشت جلد (۳۰۰۰۰ هەزار تمەن)*

*۴ـ وێنەی ۱۴×۹ لە ناوەوە چوار ڕەنگ (۲۰۰۰۰ هەزار تمەن) ـ وێنەی منالە جوانەکانی کوردستان*

*۵ـ وێنەی شاگرد ئەوەل ۴×۳ (۲۵۰۰ تمەن) ـ وێنەی منالە ژیرەکانی کوردستان یان منالی باش*

پێویستە سپاسی ئەو ئیدارە و کەسایەتیانە بکەین کە ئاڵەکۆکیان یارمەتی مالی داوە.



۱ـ ئاغای جەعفەر شایین پەرەست نوێنەری مەجلیسی شوورای ئیسلامی خەلکی مەهاباد.

۲ـ ئاغای مارف سەمەدی ـ فەرماندار ی بەرێزی مەهاباد

۳ـ شوورای بەرێزی شاری مەهاباد

۴ـ ئاغای محەممەد حەسەن خالی ـ لە شاری بۆکان



هەواڵنامەی کتێب

# ئاڵەکۆک



خاوەن ئیمتیاز و مودیر مەسئوول: ئەحمەد بەحری
دەستەی نووسەران: فەرەیدوون حەکیم زادە
یوسف فازلی
بەدرەددین سالح
تەرراحی ڕوویەرگ: شێوەن حەسەن پوور
تایپ و ڕازاندنەوە:
سروە بەحری
بەشی مالی: لوقمان پەهرەو
تلفکس: ۰۰۹۸_٤٤٢_٢٢٢١٤٣٥
مۆبایل: ۰۹۱٤٤٤٢١٢٠٨
E. mail: alakok_ mag @ yahoo com
مهاباد ـ مجله ئاڵەکۆک صندوق پستی ۳۵۷
شمارە حساب: بانک رفاه شعبه صلاح الدین جاری ۱۴۹۰۳۲

بارزان ڕەوشەن زادە ـ مەهاباد



ئەستێرە

ناسر مەعرووفی ـمیاندواو

پڕ لە ئەستێرەیە ئاسمان
ئەستێرەی گەش، ئەستێرەی جوان
چووک و گەورە، نزیک و دوور
سارد و گەرم، هی سپی و سوور
گرشە و ورشەیان بێ وچان
هاو دەنگی شەوی کاکی شوان
بە ڕۆژ نادیار، بەشەو دیارن
گەلێک زۆرن، بێ ئەژمارن
خودای مەزن سازی کردوون
نەک هەر ئەوان، تەواوی بوون

چەند جروجانەوەر لەو وێنەیەدا دەبینی؟ ڕەنگیان بکە





# Robots ڕۆباتەکان

سەرچاوە: ناسا Nasa
شەرمین محەممەد ئەمینزادە ـ مەهاباد



ئەمرۆ زانستی ڕۆباتەکان وەک یاریدەرێک helper بۆتە زانستێکی سەرەکی کە لە لایان وڵاتە جۆراوجۆرەکانەوە بە تایبەتی وڵاتانی جیهانی یەکەم first world کاری لەسەر دەکرێ.

ڕۆباتەکان سەرجەم لە ٥ بنەمای structure سەرەکەی major پێک هاتوون:

١ـ هەیکەل body بۆ وێنە هێندێک لە ڕۆباتەکان وەک مرۆڤ دەچن یان هێندێک وەک مار، تانک tank و... دەچن.

٢ـ سیستیمی مەفسەلی muscle system سیستیمی مەفسەلی سیستیمێکە کە دەتوانی ئەندامی ڕۆبات وەجم وجوڵ بخات، بۆ وێنە کاتێک ڕۆباتێک دەیهەوێ دەست بلیندکات یان ئەوەیکە بڕوات، لە سیستیمی مەفسەلی کەلک وەردەگرێت.

٣ـ سیستیمی هەستگەر sensory system ئەو سیستیمە دەبێتە هۆی ئەوەیکە ڕۆباتێک وەک مرۆڤێک هەست بەشتێ بکات. ڕۆباتێک وەک مرۆڤ هەست بە گەرما، سەرما، ڕووناکی، قورسایی و تەڕایی دەکا.

٤ـ کانگای هێز power source سەرچاوەی هێزی زۆربەی ڕۆباتەکان هێزی ئێلێکتریکییە. (ئی مرۆڤ خواردەمەنییە).

٥ـ بەشی مێشک brain system ئەو بەشە لەیەک کامپیۆتێر پێک هاتووە کە ئەو چوار بەشە کۆنترۆڵ control دەکات (وەک مێشکی مرۆڤ).

## ١٢ جیاوازی لە نێوان ئەو دوو وێنەیەدا هەیە بیدۆزەوە





هەواڵنامەی کتێب

پەیوەندی وێنەکانی لای ڕاست ببینەوە
و بە بەرامبەرەکەی بلەکێنە.





دەبینم





گوێم لێیە





بۆن دەکەم





تام دەکەم





دەستی لێدەدەم

## بە ژمارە ١ تا ٢٠ دا بڕۆ تا بگەیە قوتابخانە



| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| | | | ٥ | | | ٦ |
| ١٠ | ٩ | ٨ | ١٥ | ١٦ | ١٧ | ٧ |
| ١١ | | | | | | ٨ |
| ١٢ | ٧ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ |
| ١٣ | | ١٤ | | ١٨ | | |
| ١٣ | | ١٥ | | ١٩ | ٢٠ | |
| ١٠ | ١١ | ١٦ | ١٧ | ١٨ | | |





# منالّی یادی بەخێر



سیمین چاپچی ـ سنە
(نووسەر ـ شاعیر)
لە تەمەنی ١٠ ساڵی



سولەیمان سیابەخت ـ بۆکان
(نووسەر)
لە تەمەنی ٩ ساڵی



کامران حامیدی
(ڕۆمان نووس)
لە تەمەنی٤ساڵی



ڕەسووڵ ڕەش ئەحمەدی
(شاعیر و نووسەر)
لە تەمەنی ٨ ساڵی



شیلان گەیلانی ـ سنە
(نووسەری منالّان)
لە تەمەنی ١٢ ساڵی

ئامادە کردنی: فەرەیدوون حەکیم زادە



هەواڵنامەی کتێب

## پشیلە

ئەمین گەردیگلانی ـ بۆکان

پشیلەی جوانی خاڵ خاڵ
تووک نەرم و نۆڵی چاو کاڵ

گوێ کورت و سمێڵ قیتی
وریا و بە هۆش و زیتی

خۆشە میاوە میاوت
جوانە بریقەی چاوت

بە ڕۆژ هەتا ئێواران
لە بن دارو دیواران،

خۆت مات دەدەی لە مشکان
لە جووجەڵەی مریشکان

دایم خەریکی ڕاوی
سمێڵ قیتی فێڵاوی



## بەیانان

سەید قادر هیدایەتی ـ بۆکان

بۆیە ئەمن سەربەستم
قوقلی قوقوی بەیانی
سەر و چاوم جوان دەشۆم
هەمو وەختێک چوار وەرزە
بەیانان بەزگی خاڵی
بێتو زگت خاڵی بێ
بابۆڵەی گەورە و قەوی .

بەیانان زوو هەڵدەستم
بە ئاوی شێرە و کانی
جا دێم نانی بۆ دەخۆم
نانی بەیانی فەرزە
وەکوو بۆشکەی بەتاڵی
بۆنی زارت لە دوور دێ
لە هیچ شوێنێک ناکەوی



هەواڵنامەی کتێب




١ـ ئەو گیاندارەی کە لە وێنەکەدا دەیبینی ٢ـ ناوی کچ و ناوی فەسڵێکە

٣ـ ناوی دارێکی بەرزە ٤ـ دەڵێن دایک......ماڵە ٥ـ بە منداڵی وریا و زانا دەڵێن

| | |
|---|---|
| عادتهای خوب | حمام کردن ـ صرفه جویی کردن ـ نیکی کردن ـ سلام کردن ـ آداب معاشرت ـ درس خواندن |
| عادتهای بد | دروغ گفتن ـ بی نظم بودن ـ حمام نکردن ـ سلام نکردن ـ بی ادب بودن ـ رفت و آمد با دوستان بد ـ اتلاف کردن وقت |

**نگین سیادت ١١ ساله ـ مهاباد**

# دیواری قسەکەر

نووسەر: ئیحسان زوودی، پۆلی پێنجەمی سەرەتایی
وەرگێڕ: سوغرا رەزگەیی

وشیار کوڕێکی چکۆلەی بزۆزە کە لە وڵاتێکی دوور ژیان دەباتە سەر. وشیار، جاروبار ئیشی هەڵە دەکا. بۆ وێنە: ڕۆژێک لەمەوبەر هاوڵی وشیار بە ناوی هەژار تۆپەکەی خۆی لە لای وشیار بە ئەمانەت دانابوو و پێی گوتبوو کە تۆ دەتوانی بەو تۆپە کایە بکەی بەڵام بەو مەرجەی دوایە تۆپەکەم بدەیەوە. وشیار بەڵێنیدا کە سبەینێ تۆپەکەی بە هەژار بداتەوە. بەیانی وشیار تۆپی هەژاری نەداوە. هەژار بە وشیاری گوت: تۆپەکەم بێنە و وەرە با بەیەکەوە کایە بکەین وشیار تۆپەکەی بە هەژار نەداوە و لە ژێر مەرجەکەیدا و ئەمانەتداریشی نەکرد. نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کاتێک وشیار دەیهەویست بچێتەوە ژوورەکەی خۆی دیوارەکە سڵاوی لێکرد. وشیار زۆر ترسا. دیوارەکە بە وشیاری گوت: ئەتۆ دەزانی ئەوڕۆ چ ئیشێکی خراپت کردووە؟ وشیار گوتی: نا. دیوارەکە بە وشیاری گوت: ئەتۆ دەبا تۆپی هەژارت داباوە. هەژار تۆپەکەی بە ئەمانەت لە لای تۆ دانابوو و ئەتۆش بەڵێنیت دابوو کە بیدەیەوە. ئێستا برۆ تۆپەکە بدەوە بە هەژار. وشیار قەبوولی نەکرد. دیوارەکە گوتی: ئەگەر ئەتۆ یەکێک لە ئامرازەکانی کایە کردنت لە لای هەژار دابنێی و هەژار بە تۆ بڵێ بەڵێنیت پێدەدەم سبەینێ بتدەمەوە، بەڵام دوایەش نەتداتەوە، ئەتۆ لێی دڵمەند نابی؟ وشیار گوتی: با، دڵمەند دەبم. دیوارەکە بە وشیاری گوت: جا ئەگەر وایە، تۆ دەبێ تۆپەکەی بدەیەوە بە هەژار و بە منیش بەڵێنی بدەی کە چی دیکە ئیشی هەڵە نەکەی.

وشیار تۆپەکەی داوە بە هەژار و زانی چ ئیشێکی ناڕەوای کردووە و لەمەوبەدوا ئیشی وا هەڵەی نەکرد و داوای لێبووردنی لە هەژار کرد.

بەرهەمەکانی لای چەپ هی کامە گیانلەبەرە؟





# هەنگ

وەرگێڕ لە فارسییەوە: ئیبراهیم ڕەحیمی ـ بۆکان



ئەی هەنگی جوان و نەخشین
بۆمـان دروست کە هـەنگوین
هـەستە لـە خـەو بـەهـارە
گـوڵ پـشـکـووت دووبـارە
بـفـرە لـە چـڵ بـۆوچـڵە
بـیـمـژە کێـهـات بـە دڵـە
هەستـە وا ڕاکـە بـەهـارە
هەنگوین سـازکـە دووبـارە

# ماسی و نەهەنگ

شەیدا قوربانی (٨ ساڵە ـ مەهاباد)



هـەبوو نەبـوو، غەیری خودا کەسێ نەبوو. لە وڵاتـێکی دوور دەریایـەکی جوان وگەورەی لێبوو. لەم دەریایەدا نەهەنگـێک کایـەی دەکـرد. ڕۆژێـک نەهـەنگ ماسـییەکی دیـی خـەریکی گـەڕان و خـۆ هەڵاویـشتنە. بـە ماسییەکەی گوت نازانی ئێرە مـوڵکی منە و کەس نابێ بـێتە ئـێرە. ماسـی گوتی: پێم خۆشە هاتووم. نەهەنگ بە ماسی گوت: ئێستا حاڵیت دەکـەم جـا ماسی خوارد و گوتی: تێر بووم.



هەواڵنامەی کتێب

# شەرعی کوندی بە داری

هێرۆ مەلارەسوولی ـ مەهاباد

ڕۆژێک بوو ڕۆژێک نەبوو لە ژێر ئاسمانی خوا، مام ورچ و مام ڕێویەک ژینیان دەبردە سەر، دۆست و برادەری یەک بوون و ڕۆژگاریان زۆر بە خۆشی تێپەڕ دەکرد. بەڵام بە دەمەقاڵەیەک پێک هەڵا چوون و بۆ ماوەیەک نێوانیان نەبوو. دوای چەند ڕۆژێک قسە نەکردن و دڵپەرۆشی بۆ یەکتر، ئەو دوهاوڕێیە ڕایان وابوو کەسێک بدۆزنەوە کە دەبەینیاندا نێوبژی بکا.

دوای ئەو ڕایە مام ورچ و مام ڕێوی وەڕێ کەوتن بۆ ناودارستانێک. لە ناو دارستانەکە کوندێک یان دیت کە لە سەر دارێکی هەڵنیشتبوو.

مام ورچ گوتی: کوندی لەسەر دوندی

کوند گوتی: جێگامە

مام ورچ گوتی: شەرعان ناکەی

کوند گوتی: پیشەمە.

مام ورچ گوتی: ئەمن و مام ڕێوی برا بووین.



کوند گوتی: چاکو کرد

مام ورچ گوتی: جوتمان کرد

کوند گوتی: هەرزانی و پەیدا کرد؟

مام ورچ گوتی: قایشەکەمان لە بیر چوو

کوند گوتی: کەم فکریو کرد

مام ورچ گوتی: مام ڕێویم بۆ نارد

کوند گوتی: قالب سووکی کرد

مام ورچ گوتی: ئاخر خواردی

کوند گوتی: بەد ئەوسی کرد

مام ورچ گوتی: دارێکم لێدا

کوند گوتی: خەراپت کرد

گوتی: مەنەباغ مەنەباغ سەد کەلەشاخ لە گوێ‌گاکەلە و ڕونە لە هێزە ئەو قسانەی دەی‌کەی هەموو درۆ و تیزە مام ورچ و مام ڕێوی بە (شەرعی کوند) وەپێکە نین کەوتن و ئاشت بوونەوە. دەستی یەکتریان گرت و بۆپەرەدان بە دۆستایەتیکەیان ڕۆیشتنەوە بۆو جێگایەی کە پێشتر لێی دەژیان.




مامە هاوڕێ هاتەوە

# چیرۆکی "هەلۆرگێ و مەلۆرگێ"

هەبوو نەبوو لە گوندێکی ئەم وڵاتە ژن و پیاوێک دەژیان. ئەم ژن و پیاوە منداڵیان نەبوو. پیاوەکە هەموو ڕۆژێ بە ژنەکەی دەگوت: ئەگەر منداڵت نەبێ تەڵاقت دەدەم. هەتا ڕۆژێک ژنە گوتی: پیاوەکە زگم پڕە. پیاوە لەخۆشیانا لە حەوشە بە ئەقیزەی جووتەکەیەوە دەستی کرد بە هەڵپەڕین. چەن مانگ تێپەڕی و هەموو ڕۆژێ پیاوەکە کاتێ بەرەو مەزرا دەڕۆیشت و گایەکانی دەردەکرد بە ژنەکەی دەگوت: تا ئێوارە دێمەوە دەبێ منداڵەکەت ببێ دەنا تەڵاقت دەدەم. ژنەش هەر جارەی بیانوویەکی دێناوە و پیاوەکەی ڕازی دەکرد. تا ڕۆژێکیانی ژنە بە پیاوەکەی گوت: پیاوەکە مزگێنی، ئەمڕۆکە منداڵەکەم دەبێ. کابرا لە خۆشیانا دیسان دەستی کرد بە هەڵپەڕین و بەگۆرانی گوتن، گایەکانی وەپێش خۆیدا بۆ مەزرا. ژنەش کەڵەشێرێکیان بوو. خێرا پەڕوپۆیەکەی لێکردەوە و جلوبەرگی منداڵانەی لەبەر کرد و لە لانکەی نا. ئێوارەکە پیاوەکە لە مەزرا گەڕاوە ژنە ڕۆیی بەرەوپیلی و گوتی: پیاوەکە کوڕێکی جوانم بووە. ئەوە لە لانکەکە دایە لەژووری.

کابرا دەستی کرد بە هەڵپەڕین گوتی: ئەگەر وایە با بچم ماچی بکەم و بیبینم. ژنە گوتی: نا نا نەچی، خەوتووە خەبەری دەبێتەوە. ژنە گۆزەی هەڵگرت و ڕۆیی بۆ کانی ئاو بێنێ. پیاوە بە دەرفەتی زانی هەڵات سەری لانکەکەی هەڵداوە و ویستی منداڵەکە ماچ بکا. دەندووکێکی لە ڕوومەتی کابرادا. ئەویش ڕقی هەستا لە لانکەکەی دەرهێنا و دای بە دیوارەکەدا. کاتێ ژنە لە کانی هاتەوە کەڵەشێرەکە چوو بۆ لای و گوتی: دایە، بابە شەق دیوارەکە. خەریک بوو ژنە و پیاوە تووشی شەڕبن، کابرا ڕقی هەستا و گوتی: حاشا منداڵم هەرناوێ. بەڵام کەڵەشێرە فێری قسە ببوو. خۆی بەکوڕی ماڵێ دەزانی. ئەوەندەش زۆرخۆر بوو فریای زگی نەدەکەوتن. ژنە هەر پێی دەکرا نان بکا. تا ڕۆژێک لە دەستی وەزاڵە هاتن و کابرا گوتی: ژنەکە، چاک بە دەست ئەو کەڵەشێرەوە پێوە بووین. دەڵێم بینێرم بۆ ماڵی پاشا بە دوای قەرزدا. بەلکوو لە ڕێگا گورگ و ڕێوی بیخۆن و ئەجاتمان بێ لە چنگی. کابرا کەڵەشێری بانگ کرد و گوتی: کوڕەجوانەکەم قەرزێکم لە لای پاشایە بزانم وەک پیاوان دەچی بیستێنیەوە؟ کەڵەشێرەکە گوتی: بەسەر چاو بابەگیان چارەکەیەکی نان بە کۆڵێدادا و وەڕێکەوت. زۆر ڕۆیی، کەم ڕۆیی، تووشی مام ڕێوی بوو. ڕێوی گوتی: هەک لەخودا بەزیاد بێ، چۆنی مام کەڵەشێر لەبن عەرزت بۆ دەگەڕام بۆم کەوتیە سەر عەرز، هەر ئێستا دەتخۆم. کەڵەشێرزانی ئەجاتی نابێ گوتی: هەلۆرگێ و مەلۆرگێ، مام ڕێوی بێتە ورگێ. مام ڕێوی چوو زگییەوە. هێندێکی دیکە ڕۆیی تووشی مام گورگ بوو. مام گورگە زمانێکی بەلالێویدا هێنا و گوتی: هەک بەخێر بێی مام کەڵەشێر هەر ئێستا دەتکەم بەکەبابی نیوەڕۆ، ئاوەردەپێشی. کەڵەشێرە گوتی: هەلۆرگێ و مەلۆرگێ، مام گورگە بێتە ورگێ. ئەویش چووە زگییەوە. بڕێکی دیکە ڕۆیی گەیشتە چۆمێکی خوڕێن و پڕ ئاو. چۆمە دووسێ شەپۆلی بۆ کەڵەشێرە فڕێدا و گوتی: وەرەپێشێ هەر ئێستا هەڵتدەلووشم. کەڵەشێرە زانی چاری ناچارە و چۆمەکە ناهێڵێ بپەڕێتەوە گوتی: هەلۆرگێ و مەلۆرگێ، ئەو چۆمە بێتە ورگێ. چۆمەکەش چووە زگییەوە. لە ماڵی پاشانزیک ببۆوە تووشی شارە مێروولەیەک بوو، مێرووکان بە لاق و قوڵیدا هەڵگەڕان و گوتیان: هەر ئێستا دەتخۆین یاخودا بەخێرێی. کەڵەشێرە گوتی: هەلۆرگێ و مەلۆرگێ، ئەو شارە مێروولەیە بچێتە ورگێ. تەواوی مێروولەکان چوونە زگییە. کەڵەشێرە چوو لەسەر دیواری ماڵی پاشا گوتی: قووقوولی قووقوو، پاشای ڕدێن بەگوو، بۆ قەرزی بابم نادەیەوە زووبەزوو. پاشا




هەواڵنامەی کتێب

گوتی: ئەوە کێیە؟ نۆکەرەکان گوتیان: قوربان کەڵەشێرێکی رووتەڵەیە. پاشا گوتی: دابچن بیکەنە نێو کولانەی قەل و مریشکەکانەوە با بەدەندووک چاوی دەرهێنن. کردیانە کولانەکەوە گوتی: هەلۆرگێ و مەلۆرگێ مام ڕێوی وەرە دەرێ لەوەرگێ. مام ڕێوی هاتەدەرێ بە قەل و مریشکاندا هات و جووقەواری لێبڕین. کەڵەشێرە چووەوە سەردیوارەکە و گوتی: قووقوولی قووقوو، پاشای ڕدێن بەگوو، بۆ قەرزی باوکم نادەیەوە زووبەزوو. پاشا گوتی: ئاخەر نەمگوت بیکەنە ئەو کولانەیەوە با چاوی دەرهێنن. نۆکەرەکان گوتیان: قوربان هاتۆتە دەرێ. پاشا گوتی: بیکە تەویلە با مانگا و گوێلکەکان پێی پێدا بنێن و جیقی دەرهێنن. کردیانە تەویلەکەوە. گوتی: هەلۆرگێ و مەلۆرگێ، مام گورگە وەرە دەرێ لەورگێ. مام گورگە هاتە دەرێ و بە مانگا و گۆیلکاندا هات و تاقەواری لێبڕین. کەڵەشێرە ڕۆیشتەوە سەر دیوارەکە و گوتی: قووقوولی قووقوو، پاشای ڕدێن بەگوو، بۆقەرزی بابم نادەیەوە زووبەزوو. پاشا گوتی: داوەشێن، نەمگووت بیکەنە تەویلە. گوتیان قوربان دیسان هاتۆتەوە دەرێ. پاشا گوتی: بیکەنە نێو کادێنەکە و بە نووسێ کەس تەپ و تۆز سازکەن با لەوێدا بخنکێ. کردیانە کادێنەکەوە و تەپوتۆزیان ساز کرد. کەڵەشێرە گوتی: هەلۆرگێ و مەلۆرگێ، چۆمەکە وەرە دەرێ لەورگێ. چۆمەکە هاتەدەرێ و تەواوی کایەکەی ڕامالی. کەڵەشێرە ڕۆیشتەوە سەر دیوارەکە و دیسان گوتی: قووقوولی قووقوو، پاشای ڕدێن بەگوو، بۆ قەرزی باوکم نادەیەوە زووبەزوو. پاشا ڕقی هەستا و گوتی: ئەمجارە بیبەنە عەمباری دەغڵ و دان پێنج تای نیسک و گەنم و جۆ و نۆک و ماش بۆ تێکەڵ بکەن، دەبێ هەموویان جیاکاتەوە. کردیانە عەمبارەکەوە و دانەوێڵەیان بۆتێکەڵ کرد. کەڵەشێرە گوتی: هەلۆرگێ و مەلۆرگێ مێروولە وەرنە دەرێ لەورگێ. مێروولە هاتنە دەرێ، کەڵەشێر گوتی: لە ئێوەم دەوێ خێرا ئەو دانە وێڵانە هەریەکەی لەبەرێک جیاکەنەوە. مێروولە ئەوەندەی یەک و دوو، دانەوێڵەیان جیا کردەوە. کەڵەشێرە چووەوە سەردیوارەکە و گوتی: قووقوولی قووقوو، پاشای ڕدێن بەگوو، بۆ قەرزی بابم نادەیەوە زووبەزوو. پاشا گوتی: نەم گوت دانەوێڵەی بۆ تێکەڵ بکەن جیایان بکاتەوە؟ گوتیان: قوربان هەمووی جیا کردۆتەوە. پاشا گوتی: کەوایە بیبەنە خەزێنەکە با دەنکی زێڕ بە دەندووک هەلگرێ و بڕوا، چاوی دەرێ. بردیانە خەزێنەکە. گوتی: هەلۆرگێ و مەلۆرگێ تەواوی ئەو زێڕ و پوولانە بچێتە ورگێ. خێرا هەمووی چووە ورگییەوە لە حەوشەی قەلا دەرپەڕی و تانجی و تولەیان تێبەردا. بە درووداڵەکانی گوت: بنچک بمشارنەوە زێڕتان دەدەمێ. بنچکێک لەبن لاسق و گەڵاکانیدا شاردییەوە. کاتێ تانجی و تولەکان ڕۆیشتن. تەپێ جیقنەی بۆ بنچکەکە کرد و ڕۆیشت. گەیشتەوە بەردرگای ماڵی خۆیان، هەرای کرد: دایە برسیمە، دایکی گوتی: ئەوە هەوبر دەشێلم بڕۆ تاوێکی دیکەوەرەوە. چوو بڕێکی کایە کرد و هاتە وە پشت درگا گوتی: دایە برسیمە. دایکی گوتی: ڕۆڵەگیان جارێ گونتک دەگرم، بڕۆ تۆزێ کایە بکە جا وەرەوە. چوو بڕێکی دیکەی کایە کرد و هاتەوە پشت درگا گوتی: دایە گیان برسیمە. دایکی دەستەوارێکی نان کردبوو گوتی: هێشتا دەستم پێنە کردووە بڕۆ تاوێکی دیکە وەرەوە. کەڵەشێر ڕەقی هەستا خۆیدا بەدرگا کەدا شکاندی و پڕی بە نانەکاندا کرد هەمووی ڕفاند لە کاتی هەڵاتندا دایکی کۆڵەوەژێکی لە پشتیدا دەنکێ زێڕ لە پاشی کەوتەخوارێ. ژنە درگای لێپێوەدا هەر لەیدا و زێڕوپوول کەوتەخوارێ تا نێوماڵەکەیان پڕبوو لە زێڕ و پوول. کاتێ کابرا هاتەوە و ئەو هەموو زێڕوپوولەی دی بەنەقیزەی جووتییەوە دەستی کرد بە هەڵپەڕین و گوتی: خودایە زۆر شوکور ئەو کوڕە ئازا و وریایەت پێداوم.

منیش کاڵەم دڕا و چم پێنەبڕا



# پێش بڕکەی کیسەڵ و کەروێشک

بێهناز حەسەنی ـ ٨ ساڵە



هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو. لە دارستانێکدا کیسەڵێک و کەروێشکێک دەژیان. ئەوان لەگەڵ یەکتر ڕەفیق بوون. زۆرترین کاتی ڕۆژ پێکەوە بوون و لەگەڵ یەکتر کایە و مەلەیان دەکرد. ڕۆژێک بڕیاریاندا پێکەوە پێش بڕکەی هەڵاتن بدەن.



کەروێشک زۆری کەیف پێ بوو، چونکە وەیدەزانی توندتر هەڵدێ و دەیباتەوە. کاتی پێش بڕکە گەیشتێ. دەستیان بە هەڵاتن کرد. کیسەڵ بەدەستوولاقە چکۆلەکانی هێواش هێواش دەڕۆیشت بەڵام کەروێشک توند هەڵدەهات و لە کیسەڵ وەپێش کەوت. کەروێشک گوتی: "ئێستاکە ئەو هەموو. لە پێشم و وا زوو کیسەڵ نامگاتێ جارێ باکەمێک بحەسێمەوە".



کاتێ کەروێشک بۆ حەسانەوە درێژ ببوو وردە وردە خەوی لێ کەوت. کیسەڵ نەرم دەهات و گەیشتە کەروێشک. دیتی خەوی لێ کەوتووە.

به جێی هێشت و هەروا درێژەی پێدا و لێی دوور کەوتەوە. کاتێ کەروێشک وەخەبەر هات دیتی کیسەڵ گەیشتەخەتی تەواو بوون و پێش بڕکەی بردەوە. کیسەڵ لەوەی کەبردویەتەوە کەیفی ساز بوو بەڵام کەروێشک کە زۆر بەفیزو لە خۆڕازی بوو ناڕەحەت و پەشیمان بیۆوە جا بەڵێنیدا قەت لە خۆڕازی نەبێت.





هەواڵنامەی کتێب



# مەیموون و گاوان "چیرۆکی فۆلکلۆر"



**هێرش سوخەنوەر ـ مەهاباد**

هەبوو، نەبوو لە سالانی زوودا پیاوێکی گاوان لەگەڵ کوڕەکەی دەژیا. کوڕی ئەم گاوانە زۆر تەمبەڵ بوو، قەت یارمەتی بابی نەدەدا. ڕۆژێکی بەیانی زوو کابرا گاوانە مانگاکانی بردە مەزرایە، لە ڕێیە دەرمانێکی سپی دیتەوە پێی وابوو نوقلە؛ خێرا خواردی. هێندەی پێنەچوو کەوتە کۆخەکۆخ و ئەو کۆخەیە لێی توند کرد و هێزی لێبڕی. بەزۆری خۆی گەیاندە ئەشکەوتێک کە هەموو ڕۆژێ لەوێدا چای لێدەناو نانی دەخوارد. لە ئەشکەوتەکەدا کۆخەکەی جار لە جار توندتر دەبوو، جاری دوایی وەها کۆخی کە مەیموونێکی لە زاری دەرپەڕی و کۆخینەکەی تەواو بوو. کابرا بە دیتنی ئەو شتە سەیرە زۆر ترسا. مەیموونە هاتە لای کابرا و گوتی: بابە لە چی دەترسێی؟ گاوانە واق و وڕما بوو کە ئەو مەیموونە بۆ پێی دەڵێ بابە. گوتی: تۆ مەیموونی ئەمن ئینسانم. تۆ چۆن بەمن دەڵێی بابە؟ مەیموونە گوتی: ئەتۆ ئەو دەرمانە سپیەت خواردوە و ئەمنیش لە زاری تۆ هاتوومە دەرێ، کەوایە من و تۆ باب و کوڕین. مەیموون و گاوان هەتا ئێوارێ لە ئەشکەوت دابوون. ئێوارێ گاوانە دەیویست مەیموونەکە بەجێ بێڵێ و بڕواتەوە ماڵێ. مەیموونە گوتی: بۆ کوێ دەچی؟ دەبێ ئەمنیش لەگەڵ خۆت بەری. گاوان گوتی: ئاخر چۆن ئەتۆ بەرمەوە ماڵێ، خەڵک قومارم پێدەکەن. مەیموونە گوتی: ئەوە دەستە گوڵێکە بۆ خۆت ئاوت داوە، دەبێ بۆ خۆت چارەی بۆ بکەیەوە. کابرا گاوانە گیری خواردبوو، بڕێکی بیرلێکردەوە، دوایە گوتی: وەرە بچۆ نێو ئەو تێرە. مەیموونە گوتی: زۆر باشە. کە گەیشتنە نزیک شار، مەیموونە سەری هێنایە دەرێ، منالانی دێ مەیموونیان دیت و هەتا بەردەرکی ماڵی گاوان وەدوای کەوتن و دەیانگوت: گاوان مەیموونی پێیە....مەیموون.....

گاوانی هەژار بە زۆری خۆی لە دەست منالان ڕزگار کرد. چەند ڕۆژێک تێپەڕی. بەدوای ئەوەدا گاوانە هەموو ڕۆژێ مەیموونەی بە ئازادی لەگەڵ خۆی دەگێڕا و دەیبرد بۆ مەزرایە.

کوڕە تەمبەڵەکەی گاوان عاشقی کچی پاشا ببوو، داوای لەبابی کردکە بۆی بچێتە خوازبێنی. گاوانی هەژاریش زۆر گوێی نەدەدایە و جوابی نەدەداوە، چۆن دەیزانی ئەو کوڕە تەمبەڵە پیاوی ژن بەخێوکردن و کار کردن نیە. کوڕە گاوانە لەو کارانەی بابی زۆر توڕە دەبێ و ڕۆژێک خۆی دەکوژێ.

دوای مردنی کوڕە تەمبەڵە، گاوان دەگەڵ کوڕەکەی تری واتا مەیموونە دەمێننەوە. مەیموونەش زۆر زوو گەورە دەبێ و بەهەموو جۆر یارمەتی بابی دەداو دەیحەساندەوە. ڕۆژێک بە بابی دەڵێ: "بابە دەبێ بۆم بچیە خوازبێنی کچی پاشا". کابرای گاوان گوتی: "ڕۆڵە گیان لە پێش هەموو شتێک دا ئەتۆ مەیموونی و کەس کچی نادا بە تۆ، دوایەش کوا کابرایەکی وەک من فەقیر، خزمایەتی پاشای پێدەکرێ؟"

بەڵام مەیموونە زۆر لەبەر باوکی پاڕایەوە تا ڕازی کرد. گاوان بە ناچار بۆ کۆشکی شا چوو، جاری یەکەم بەتوڕەیی وەدەریان نا. جاری دووهەم (دیسان) چۆوە کۆشک. گوتیان: زۆرباشە ئەو کچەی دەدەین بە کوڕەکەت؛ بەڵام شەرتی هەیە. گاوان گوتی: چ شەرتێک؟ گوتیان: دەبێ ئەو کچەی لەسەر هەزار سکەی زێڕ و، کۆشکێکی سێ نهۆمی بە هەموو کەرەسەی ماڵ و چل دەست کراس مارە بکرێ. گاوان کە ئەوەی بیست زۆر بەنارەحەتی چۆوە ماڵێ. مەیموونە لە دوور ڕا بەرە و پیری هات و گوتی: بابە بەخێربێیەوە. گاوان گشت قسە و باسەکانی بۆ گێڕاوە. مەیموونە گوتی: هیچ نارەحەت مەبە. ئێستا هەستە بچۆ دەرکی ئەو ئەشکەوتەی ئەمن لە زارت هاتمە دەرێ لەبەر دەرکەی ڕاوەستە و سێ جار بڵێ "بێرەوبارە"، دایک و بابم دێن. هەرچی بتهەوێ دەتدەنێ. کابرا هەستا چوو بۆ ئەشکەوتەکە و لە بەر دەرگا وێستا. سێجاران گوتی: "بێرەوبارە" دوو مەیموونی زەلامی لێ پەیدا بوو. گاوانە چیرۆکی کوڕەکەی بۆ گێڕانەوە. ئەوانیش ئەوەی پێویست بوو بۆیان ئامادە کرد. گاوانە شتەکانی بردە ماڵە پاشا و کچەی لە کوڕەکەی مارە کرد و حەوت شەو و ڕۆژان شادییان کرد و هەڵپەڕین.

شەوێ کە زاوایان ناردە وەتاغی خۆی، بووک زۆری لێدەترسا و لەبەری هەڵدەهات. مەیموونە دیتی فایدەی نیە. چووە دەرێ. دوای ماوەیەک جەوانێکی زۆر جوان و ڕازاوە کە لیباسەکانی زۆر وەک لیباسی شازادەکان دەچوو هاتە ژورێ و پێستی کەوڵە مەیموونەکەی دا بە بووکەکە و گوتی: هەرکەس ئەو پێستەی ببینێ من ون دەبم و ئیتر نامبیننیەوە. بووکیش قەولی‌دا ئەو پێستەی نیشانی کەس نەدا. ڕۆژێک دایک و پوری کچە دێنە ماڵێ کوڕە مەیموونە و داوا لە کچە دەکەن پێستەکەیان نیشان بدا. کچە دەڵێ نابێ، من سوێندم خواردوە بە کەسی نیشان نەدەم. بەڵام دایک و پوری دەڵێن ئەگەر نیشانمان نەدەی بە لەعنەتت دەکەین و بەخزم و کەسی خۆمانت نازانین. بەو قسەیە کچەی ساکار هەڵدەفریوێنن و کچەش کەوڵەکەیان نیشان دەدا. دوای دیتنی کەوڵەکە خێرا دەیسوتێنن و لە دوکەڵی کەوڵەکە سێ کۆتری سپی هەڵدەفڕن. جا لە و ڕۆژەوە مێردەکەی نایەتەوە ماڵێ و ون دەبێ.

کچە دوای چەند ساڵ، ڕۆژێک دەچێتە سەر چۆم دادەنیشێ و دەست دەکا بە گریان بۆ مێردەکەی. پیاوێکی سەر و ڕدێن سپی لێ پەیدا دەبێ و دەڵێ: ڕۆڵە گیان بۆ دەگری؟

کچە هەموو بەسەر هاتی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە. کابرای پیاو چاک دەڵێ: "ڕۆڵە ڕاست بە و ڕێیەدا برۆ، تووشی مێردەکەت دەبی". کچە بەقسەی پیرەپیاوەکە دەکا و دوای خواحافیزی وەڕێدەکەوێ. کەم دەڕوا، زۆر دەڕوا تا تووشی پیاوێک دێ و نایناسێتەوە، دوای چەند هەنگاوێک، بۆی دەگەڕێتەوە دەبینێ ئەوە مێردەکەی خۆیەتی نەیناسیوەتەوە. دێتە لای و سڵاوی لێدەکا و توند دەیگرێ. مێردەکەی لێی توڕە دەبێ و دەڵێ تۆ درۆت لەگەڵ من کرد، منت ڕەنجاند، تۆ تازە بۆ من نابی. لێم گەڕێ با بڕۆم. کچە دەکەوێتە بەرپێی و زۆری لەبەر دەپاڕێتەوە و دەگری و دەڵێ: دایک و پوورم زۆریان لێکردم و تووشی ئەو کارەیان کردم. ئەوەندە گریا تاکوو مێردەکەی بەزەیی پێداهات و بەخشی. جا پێکەوە گەڕانەوە ماڵێ و ژیانێکی تازەیان دەست پێکرد.



هەواڵنامەی کتێب

# نامەی خوێنەران





بحضور مبارک بزرگواران گرامی مجله ئاڵەکوک رحمت الله علیهم اجمعین

محترماً با عرض سلام و تحیّت و تبریک عید سعید قربان موفقیت و سعادت آن بزرگواران را در راه تداوم فرهنگی آرزومندم. عزیزان بحق باید اذعان نمود مجله مورد نظر اگرچه برای رشد فکر کودکان است برای پیرمردان هم لذت‌بخش است. به تدبر و تفکر و زحمت عزیزان کرنش و تعظیم مینمایم ترقی روز افروز همگی دست اندرکاران مجله مذکور مخصوصاً جناب آقای فریدون حکیم‌زاده که افتخار خدمتگذاری و مصاحبه خاندان آنها را دارم از خداوند متعال مسئلت مینمایم. جا دارد صحبت تلفونی بنده و نوه‌ام را بشرح زیر بعرض برسانم خدمتگذار ستاد مجله ئاڵەکوک.

عبدالرحمن عطاری در سن ۸۸ سالگی

نوه: الو آغاجان سلام

پدربزرگ: سلام بروی ماهت باباجان

نوه: آغاجان ئاڵەکوک نیامده

جواب: نه ـ عزیزم در راه است.

نوه: در راه یعنی چه؟

جواب: عزیزم ـ بزرگواران و زحمت‌کشان مدت یکماه باید صحبت‌های شیرین و عکسهای زیبای مثل شما را جمع‌آوری آنوقت بما هدیه فرمایند.

نوه: آخ یکماه ـ آغا جان‌بگو هر روز برای ما بفرستند.

جواب: چشم باباجان ـ انشاءالله تعالی به امید آنروز (بعرض میرسانم)







هەواڵنامەی کتێب

# قوتابیانی سەرکەوتووی قوتابخانەی سەلاحەدین ئەیووبی مەهاباد ساڵی 85 ـ 1384



سامان ئەبەردی



زانیار کەریمی — ناسر محەممەدی — هیدایەت ئەمازادە — ئومید هاشمی — دیار تەکیە — قادر بەروەری



بێهروز مەحموودی‌نەقدەم — ئارمان ئەوجەوان — هوشیار ئیختیاری — فەرشید وەیسی — سیامەند بایزیدی — سەیدسۆران بابەدینی



سلێمان خزری — میلاد سوولتانی — سیاوەش نەقەدە — مەنسوور خشتی — ئومید ئەمینی‌ئازەر — بارزان کەی‌مەنیشراد



بارزان حەسەنزادە — ئیسمائیل کەریمی — ئاسۆ تورەنجی — ئارام مینەزادە — سەعید مەلامحەممەدی — عیسا ئیبراهیمپوور



سیامەک قارەمانی — ئەفشین قارەمانی — محەممەدناسر مەعرووفی — ڕەزا غەففاری — کاوبان ئەحمەدی — ڕامین ئەیازی



هێدیا ئەسعەدینی، مەدرەسەی قانع — سۆما ئەسروڵڵاهی، مەدرەسەی قانع — ئارا ئیبراهیمیان، مەدرەسەی قانع — فواد ڕەسوولی دێهبوکری، مەدرەسەی سەجینە (بۆکان) — میلاد ئەحمەدی — موحسین ڕەشیدی


بەهار یوسفی